# هەندێجار غەدر لە مەسوولەکان دەکەن

مێژووناس
ناسر عەزیز هۆرامی
هۆڵەندا_لاهای
n_hawrami@hotmail.com

نووسەر ئەگەر شتێکی هەڵسەنگان، پێویستە لە یەک گۆشەوە سەیری ئەو بابەتە نەکات، بەڵکو لە هەمووگۆشەکانەوەو، مەسوولیەتی مێژووییشی لەبەرچاو بێت.، نوسین هەرئەوە نیە تەنها هەڵەکان دەربخەیت بەڵکو ،پێویستە حەقی خۆی بدەیتێ.

جامن لێرەدا مەبەستەم ئەوەیە، هەندێ بەڕێز نووسینی زۆر زبر دەنووسن بەرامبەر بە مەسوولیینی نامەسوول، تەنها لەیەک گۆشەوە سەیری مەسەلەکەیان دەکەن، بۆنموونە زۆرێک لە مەسوولین کاری

نابەجێیان کردوەو، ماڵومولکێکی زۆریان پێکەوەناوە، بە شێوەیێکی ناشیاوو نا شەرعی....ئالێرەدا من پرسیارێک لەو بەرێزانە دەکەم،؟ کە بەشێوەیێکی زبر دەنووسن....ئایا مەسوولەکان هەرخۆیانن هەڵدەسن بەکاروو کاسپیوپارە کۆکردنەوە؟....یان ئەو ماستاو چییانەو مامە حەمەی کەرانەن کە زەمانی بەعسێش هەر بەهامان شێووە ماستاویان دەکرد. بۆ ڕەفیق حزبیەکان بۆ مەیسەر کردنی چڵکاو خۆری. لەوەڵامدا دەڵێم نەخێر چونکە هیچ مەسوولێک، کە پێش 91 گشتکات گیانی لەسەر دەستی بووەو، چاوەڕوانی شەهادەت بووە،ڕۆژێک لەڕۆژان بەخەیاڵیدا نەهاتوە، کە ببێت بە ساحێبی 10دیناری خۆی، ئیشەکەی ئەو خزمەت کردنی نیشتمان بووە،.جا دیسان لێرەدا پرسیارێکی تر دێتە بەردەممانو، دەپرسێت؟ ئەی کێ ئەمانەی فێرکرد؟ ئێمەش بە ئاسانی دەڵێین هەر هەمان ئەو چڵکاو خۆرانەی، زەمانی بەعسن کە خووی ئەمانیشیان شەڕکردوو، فێری گەندە خواردنیان کردن.ئەم جۆرە مرۆڤانە لەناو زەلکاوی چڵکاودا نەبن ناژین ،هە لەبەر ئەوەشە گشتکات لە هەڵبەزوو دابەزدان، لە نابوود بوونوو دەوڵەمەندیدان ،کۆتاییەکەشیان هەر ڕووڕەشییەو، خەڵکان چاکیان دەناسن، عەرەب دەڵێت:-{اللی یعیش با لحیله یمووت بالفقر}، هەر خۆشیان لەناو خۆیاندا هیچکات ئیسراحەت ناکەن،چوونکە خۆیان خۆیان باش ئەناسن.

کەواتە من لێرەدا ڕووی دەمم دەکەمە ،بەڕێز کاک عوومەر فەتاح و، بەڕێز وەستا حەسەن، ئەگەر ئێووە دەتانەوێ ڕاوە گەندەڵ بکەن، لەپێشەوە ئەو چڵکاو خۆرانە بگرن، کە خووی ئەو پێشمەرگانەیان شەڕکردو،فێری ئەو ئیشە نا بەجێیانەیان کردن،ئەگینا من قەت باوەڕناکەم، پێشمەرگەیێک بە پاتەی لاستیکەوە بێتەوە بەمدیوا. ئەو فێڵو فەرزە بزانێت، ئەگەر مامۆستاییکی چڵکاو خۆر فێری نەکردبێت،.

ئەگەر ئەتانەوێت بۆ ئەوانەش بگەڕێن، گشت کات لەدەورووبەری ماڵە مەسوولەکاندا دەسوورێننەوە،

زۆر بە ئاسانی خەڵک ئاگاداریانە.

من نموونەی زۆرم لایە لەوانە، هەروەها خەڵکیشدەزانێت، بەڵام ئەوەش وەختی خۆی دێت کە ئاشکرا بکرێن، لێیان بپرسرێت{من این لک هذا}.

ئێنجا ی.ن.ک دەستی پێکردوەو خەڵکانیش چاوەڕوانن، هەتا چەپڵەی دەستخۆشیتان بۆ لێبدەن، چونکە هەر ئەوانەشن ڕۆژی ی.ن.ک یان گەیاندوەتە ئەم رۆژە،ڕۆژانێک هەبوو قسەی ی.ن.ک وەکو

**خەتی قورئان لای خەڵکان پیرۆز بوو، بەڵام ئێستا هەموان دەزانن کە وانەماوەو، بە پاک کردنەوەی ئەو گەنیوانە نەبێت ی.ن.ک گیانی بەبەرا ناکرێتەوە،زۆرکەس جاوەڕوانی کۆڕە بە ئەمەکانی ی.ن.ک کە ئەو گەندەڵانەلابدەن و بە لابردنی ئەوانە هەزارەها کوری گەنج دێتە وە ناو کوورەی زکری ی.ن.ک.**

**جا جاوەڕوانی دەستوو ماچەکتانینوو ئێمەش پێشمەرگەی نەبەزیوین.**